# قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە لە نێو بەرەکان

**سەلام عەبدوڵڵا**

پاش ١٤ساڵ، بە ڕاشکاوییەوە ئاماژە بۆ ئەم ڕاستییە دڵتەزێنە دەکەم کە ئاستی هوشیاری باو لە بارەی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە، زۆر لە خوارەوەی گەورەیی کارەساتەکەیە. پاش هەموو تاقیکردنەوەکان، بەسە گەر هێما بۆ ئەو شێوە تێفکرینانە بەکەین، کە هەوڵ دەدەن ئەم کارەساتە مرۆڤایەتییە، دژ بە سرووشت و گشت گیانلەبەرێك بکەن بە ئامرازێك بۆ مەبەستی حزبی یا ئیدۆلۆژی:

–پار ساڵ، کۆمەڵێکی ئیسلامی لە لەندەن، لە پرۆتێست بەردەم سەفارەتی ئەلمانی، دەست دەکەن بە"لا اله الا الله"!وەك بڵێی گەلی کوردستان لەبەر ئاین ئەنفالکرا!

لە وڵاتێکی ئۆروپیدا،حزبێك داوا لە ئەندامەکانی کرد، بەشداری ئەکتسیونەکان نەبن!

حزبێکی تر، دووبەرەکی درووستکرد!

کەسێك و لایەنێك وتیان"لە گەڵ ئەو حزبە چالاکی ناکەین"... من ناچم بۆ ئەوێ!

لە کاتی داگیرکردنی سەفارەتی عیراقی لە بۆن، بەرەی کوردستانی بەدرۆ ڕایگەیان کە خۆیان ئەو چالاکییە ڕێکخستووە. ڕاستێکەی ئەوە بوو، ئەوان بانگەوازی خۆپیشاندانیان کردبوو لە بۆن. لەسەر پێشنیاری بێلایەنەکان، لە ناو ئۆتۆمبیلی ڕێگای هامبۆرگ–بۆن، پێشنیاری داگیرکردنی سەفارەتەکە کرا، بە بێ ئەوەی حزبەکان ئاگادار بن، تەنانەت برایەکی حزبی ووتی"دەبێ پرسیار لە بەرپرسەکان بکەین!!". بەڵام نزیکەی ١٧کەسی بێلایەن و لایەنداری حزبەکان پێشنیارەکەیان بەجێ زانی و ئەکتسیونە کرا. بۆ سبەی ئەوان ڕایانگەیاند کە بەرە ئەو کارەی کردووە. بەڵام پەتی درۆ کورتە، حزبەکان هەرگێز هەوڵی وایان نەداوە، تەنانەت لە گەڵ ئەکتسیونی وا نین(بە توندڕەوی لە قەڵەم دەدەن!). پاش ئەم ئەکتسیونە دوو بێلایەن بۆ هۆڵەندا سەفەریان کرد، لەوێ لە گەڵ چەندین کەسی بێلایەن گفتوگۆکرا، ئەوانیش پێشنیارەکەیان بەجێ زانی و بۆ سبەی سەفارەتی عیراق لە هۆڵەندا داگیرکرا، بەبێ ئەوەی هیچ حزبێك یا لایەنێك بەرپرسیار بێت، پاش هەفتەیەك باڵوێزی عیراق دەستی لەکارەکەی کێشایەوە و داوای پەنابەری کرد و هاتە ڕیزی ئۆپۆزیتسیون.

یەکەم ئەکتسیون لە١٧یا لە ١٨/ ١٩٨٨ لە فرانکفۆرت ئەنجام درا. لەسەر پێشنیاری بێلایەنەکان، بەناوی کۆردانی تاراوگە، بیرۆی هێڵی ئاسمانی عیراق لەو شارە داگیرکرا.

ناوەندی حزبی پارتی لیبرالەکان لە بۆن داگیرکرا. ئەم ئەکتسیونەش هەر بەناوی بێلایەنەکانەوە ئەنجام درا.

ناوەندی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بۆن بەناوی بێلایەنەکانەوە داگیرکرا.

و دەیان ئەکتسیونی تر.

– لە پایتەختی وڵاتێکی ئۆروپی، حزبێکی زۆر کۆببونەوە، ئەم برادەرانەیش ووتیان"ئێمە لە گەڵ فلانە حزب، چالاکی ناکەین". ئەو کاتە ناکۆکی و شەڕ هەبوو لە نێوان دوو حزب"

ئەم ساڵ، لە گەڵ یەکەم هەنگاو، هەندێ برادەر ئەم گلەییەیانە کرد: خۆزگا پێش بلاوکردنەوەی نووسراوەکە بەمنتان بگوتبا! لەبەری ئەوەی بڵێن: وایە لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر شوێنی هەموومان دەبێتەوە، منیش دەنگێکم و ئامادەم هەموو شتێك بکەم. ڕۆژنامەیەك پێش دەرچوونی دوا ژمارەکەی بە ٥ڕۆژ بانگەوازەکەیان بۆ ئێمیل کرا، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت، بلاویانەکردەوە!

– هەندێ کەسیش دەیانەوێت کارەساتە لە گەڵ سیاسەتی ئەمریکی جووت بکەن و دەڵێن" با سوود لە بارودۆخی جیهانی وەربگرین، ئێمەیش دژی تیرۆرین!!"

لێرەدا باسی موزایەدە، بازرگانی، موئامەرە لە یەکتری کردن، ڕێگری، فرت و فێل و درۆکردن، خۆ بەزل زانین و ڕق و قینەکان ناکەم...

بەڕای من:

پاش هەموو تاقیکردنەوە پڕ ئازاد و مەینەتەکانی ئەم ساڵانە، بەبێ ئەوەی لە هەوڵی هیچ کەسێك کەم بکەمەوە(هەر کەسێك بە گوێرەی توانای خۆی هەوڵی داوە)، دەتوانم بڵێم، ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونانە، پیشانی ئەوە دەدەن کە خاوەنەکانیان هێشتا لە

گەورەیی کارەساتەکە تێنەگەیشتوون. ڕەنگە خاوەنی ئەو بۆچوونانە بەم ڕەخنەیە بێزار بن، منیش لە ئاستیاندا تەنها پرسیاریان لێ دەکەم: ئایا ئێمە پاش ١٣ساڵ گەیشتووینە ئاستی هەڵویستی یەگرتوانەی سنتی و ڕۆما، جوو، زیندانییەکانی سەردەمی هیتلەر؟. وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هێشتا زۆر زۆریان ماوە بگەنە ئەم هوشیارییە ! مەبەستی ئەم ڕەخنانە تەنها و تەنها ئەوەیە، بە هەموو لایەکمانەوە هەوڵ بدەین پێکەوە بگەینە ئاستی ئەوان و هیچی تر. دەبێ هەموو حزب و تاکێکی کوردستان، لەسەرووی هەموو ناکۆکییەکانەوە، بەبێ ئەملاو ئەولا و هۆهێناوە... هتد، دان بەم ڕاستییە بنێن:

تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە، لەسەرووی هەموو حزب و ئیدۆلۆژییەکانە، تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی و سرووشت و گیانلەبەرەکان(نەتەوەییەکانیش هەوڵ دەدەن ئەم کارەساتە بۆ خۆیان بقۆزنەوە، بەلاّم ئەمانیش وەلاّمی ئەم پرسیارانەیانە پێ نییە: پەپوولە، ئاو، ئاسمان، با، دار، کەر و گا... هتد ژەهەرکراوەکان سەر بە چ نەتەوەیەکن؟)

تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال، تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی. کاتێ نەتەوە یەککرتووەکان تاوانباری ئەو ڕژێمانە دەکەن کە تاوانی کۆمەڵکوژیان کردووە، دەڵێن: فلاّنە ڕژێم، تاوانی دژی مرۆڤایەتی کردووە(ئەم پێناسەیش کورتی هێناوە، چونکە سرووشت و گیانلەریان لەبەرچاو نەگرتووە !).

گرنگ ئەوەیە ئەم ساڵ بە پشتئەستووری بە هێزی خۆمان، هەنگاوێکی پێگەیشتووتر بنێین، کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال، کەمپینی پارتی، یەکێتی، شیوعی، ئیسلامی، بێلایەن، زەحمەتکێشان، کار، کۆمونیزمی کرێکاری، پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆمەڵە، پارتی کورد، نەتەوەیی، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، کۆنگرەکان(شوکر ئەوەندە زیرەکن چەندین کۆنگرەیان دامەزراندووە، گەلانی تری دنیا هەر یەك کۆنگرەیان هەیە، لەمەیش دەبێ لە عالەم بەدەر بین! !)، شاعیر، هونەرمەند، ڕۆژنامەنووس، ڕۆشنبیر، کەم ئەندامان، و هەموو ئەوانەیش کە ناویان نەهێنراوە...

هەر کەس و لایەنێك، هەوڵی دووبەرەکی یا هەر هەوڵێك بدا بۆ ئەوەی یەککرتووی دەنگمان پەرتەواز بکات، ناوی بهێنرێت و بە ئاشکرایی باسیان بکرێت و نەفرەت و ڕسوا بکرێن.

سەرلەنوێ ئەم درووشمە دووبارە دەکەمەوە:

لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر شوێنی هەموومان دەبێتەوە !

٢٠٠٢/١/٩

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.